www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9:46 16-10-2006

## ئالأی کوردستان و وڕێنەکانی جەنابی وەزیر ... ئومێد سەرحەد

کەرکوك

پاشی بریارە بوێرانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بارەی هەڵنەکردنی ئالأی بەعسییەکان لە کوردستان و، بە تەنها هەڵکردنی ئالأی کوردستان (ئەگەر چی پێش دەرچوونی ئەو بریارە بە چەند ساڵێك ئالأی بەعس لە کوردستان، لە سەر دام و دەزگا فەرمییەکان هەڵنەدەکراو، کوردستانییانیش دانی خێریان بەو ئالأیەدا نەدەنا، بە ئێستاشەوە)، سەربارى ئەو هات و هاوارەی لەسەر داگرتن و هەڵکردنی ئالأ، لەلایەن راگەیاندنی شۆڤینی عەرەبەوە هەڵسا، لێرە و لە وێش لەلایەن چەند کەسانێکەوە، مشت و مڕ لەسەر ئالأی کوردستانیش هاتە گۆڕی.

لێرەدا من قسەم لە سەر ئەوە نییە خەڵکانی دەرەوەی کورد، وەکو هەندێك لە تورکمان و ئاشورییەکان، ئالأی کوردستان بە هی خۆیان دەزانن، یاخود نا، ئەوە مەسەلیەکی ترەو، قسەوباسی تر هەڵدەگرێت، کە ڕەنگە ئێرە شوێنی ئەوە نەبێت. بەڵکو من دەمەوێت لەوبارەوە بدوێم، کە هەندی کورد قسە لە سەر گۆرینی ئالأی کوردستان دەکەن، بەبیانووی ئەوەی ئەو ئالأیە هێمای نەتەوەکانی تری کوردستانی تێدانیە، یا خود ئاماژە بە بوونی فرە نەتەوەیی ناکات لە کوردستان دا، یاخود، وەکو (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆشنبیری کوردستان لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ژمارە ی رۆژی 2006/ 9/26 و، هەروەها لە وتارێکی دا بۆ رۆژنامەی هەولێر پۆست ژمارە (86) لە 2006/10/1 ئاماژەی بەوە کردووە، گوایە تەنها کوردستانیانی باشوری ئەو ئالأیە بەهی خۆیان دەزانن، دەنا کوردانی پارچەکانی تر تائیستا ئەو ئالأیەیان بە ئالأی خۆیان نەزانیوە و پەسەندیان نەکردووە.

لەبەرئەوەی ئەو ئالأیە، ئالأی یەکەمین دەوڵەتی کۆماری کوردستانی یە لە مێژووی هاوچەرخدا، بۆیە من پێم وایە هەڵکردنی لە باشوردا و، بریاردان و چەسپاندنی ئەو ئالأیە لە دەستوری هەرێمیشدا، تەنها یەك پەیاممان پێرادەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە: شتێك نیە ناوی کوردستانی عێراق، ئێران، تورکیا یان سوریا بێت. بەڵکو، تەنها، نیشتمانێکی داگیرکراو هەیەو، ناوی کوردستانەو، هاونیشتمانیەکانیشی جگەلە سەربەخۆبوون و دەوڵەتێکی کۆماری، بە هیچ شتێکی دی رازی نابن. فیدراڵیش جگەلە هەنگاوی یەکەمی رێگای سەربەخۆبوون هیچ راتایەکی تر ناگەیەنێت.

هەر ئەم راستیەشە وای لە شۆڤێنیەکانی تورك، عەرب و فارس کردوە لە بەرامبەر ئەوە ئالأیەدا توشی هێستریایەکی مەزن ببن و، ئاواتەخوازی ئەوە بن کۆێربن نەوەك ئەو ئالأیە ببینن. شوڤێنیستەکانی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان زۆر بە باشی مەتەڵی هەڵکردنی ئالأی یەکەمین کۆماری کوردستانیانیان، لەم بەشەی نیشتماندا هەڵهێناوەو، پەییان بەمەبەستە نادیارەکانی پشت بریاری پەسەندکردنی ئەو ئالأیە بەدیاری کراوی، بردووە. کەچی پێدەچێت، هەندێك لەکەسایەتی و رۆشنبیرانی لەمەر خۆمان وابزانن، بریاری هەڵکردنی ئالأی کۆمار، تەنها مەسەلەیکی سۆزداری بێت و، هەڵگری هیچ ئاماژەیەك نەبێت.

من پێم وایە ئەگەر لەباشوری کوردستان دا ئالأیەکی تر لەبری ئەم ئالأیەی ئێستا پەسەند بکرایە، نەئەو مەدلوولانەی سەرەوەی دەبوو، کەباسم کردن. نەش ئەو شۆڤێنیستانەش بەو شێوەیە کێچ دەکەوتەکەوڵیان و، دیان کرد بەقیرە قیڕ. ئەمە جگەلەوەی ئەو کاردانەوانەی کە راگەیاندنە عەرەبیەکان لە بەرامبەر ئەو بریارەی سەرۆکایەتی هەرێمدا نواندیان، جارێکی تر ئەوەیان سەلماندەوە کە نەك تەنها هێزو پارتە سیاسیەکان، بەڵکو عەرەب بەگشتی نەك باوەریان بە سەربەخۆیی و فیدرالی نیە، بەڵکو ئەگەر بواریان هەبێت و بۆیان بلوێت، بەبرابچوکیشمان قبوول ناکەن.

لە هەمووی خۆش و ناخۆشتر ئەوەیە بەرێزکاکەیی لەوتارەکەی دا، لە رۆژنامە هەولێر پۆست نوسیویەتی (.. کە کوردستانی گەرە یەك دەگرێتەوە... بە بۆچوونی بەندە، رەنگە بە لایەنی کەم **12-8** هەرێمی کوردستانی دەبێ، کە کوردستانی باشوور هەرێمێکە لەو هەرێمانە. ) کاکەیی دوای ئەمە دەڵێت (من گومانم لەوەدا هەیە کە هەموو هەرێمەکان بەم ئاڵایەی هەرێمی ئێستا رازی ببن، تەنانەت هەرێمی رۆژهەلات کە مەڵبەندی مێژوویی ئەم ئاڵایەیە) . ئەم پەیڤانەی بەرێز کاکەیی مانای چییە؟!، هەڵبەتە ئەو دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەوە تەنها کوردانی باشورە ئەوە ئاڵایەیان پەسەند کردووەو، کوردستانیانی پارچەکانی تر ئەو ئاڵایەیان وەك ئاڵای خۆیان پێپەسەند نیە. بەواتایەکی تر، ئەو ئاڵایە تەنها ئاڵای باشوورەو، هیچ پەیوەندیەکی بە پارچە داگیرکراوەکانی تری کوردستانەوە نیە. دواتر جەنابی وەزیری رۆشنبیری دەتوانێت ناوی یەك هێز و لایەن و پارتی سیاسی کوردستانی، لە هەر پارچەیەکی کوردستانم پێ بڵێت، جگە لەو ئاڵایەی ئێستای کوردستان، ئاڵایەکی تریان بۆ هەرێمەکەیان پەسەند کردبێت؟. من نازانم بەرێز کاکەیی ئەم زانیارییانەی لە کوێوە هێناوە؟!، باشە ئەگەر بەرێزی ئاگادار نییە، خۆ دەبوو راوێژکارەکانی پێیان بووتبا، ببورە بەرێز سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، لە هەر چوار پارچەکەی ئێستا، بە رەوەندی کوردیشەوە لە وڵاتانی تاراوگە، لە سەرجەم کوردستانی مەزندا، ئێستا ئەو ئاڵایەیان وەکو ئاڵایەکی نەتەوەیی و کوردستانی ناساندووە و، سەرجەم کوردستانییانیش، لە ناوەو دەرەوەی نیشتمانیش، لە هەموو چالاکییەکیاندا، تاکە ئاڵایەك سەروەر بێت، ئاڵاکەی کۆمارو، هەرێمە.